# ئەی ئەبو مونزیر ئایا دەزانی چی ئایەتێک لە کتێبی خوای گەورە کە لەگەڵ تۆیە -لەبەرتە- مەزنترینە؟

لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەی ئەبو مونزیر ئایا دەزانی چی ئایەتێک لە کتێبی خوای گەورە کە لەگەڵ تۆیە -لەبەرتە- مەزنترینە؟»، -ئوبەی- دەڵێت: ووتم: الله وپێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن. فەرمووی: «ئەی ئەبو مونزیر ئایا دەزانی چی ئایەتێک لە کتێبی خوای گەورە کە لەگەڵ تۆیە -لەبەرتە- مەزنترینە؟» دەڵێت: ووتم: {اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ} [البقرة: 255] واتە: {الله ئەو خودایەیە کە هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە ئەو، هەمیشە زیندووە وتەدبیرکار وڕاگری (بوونەوەرەکانە)}، دەڵێت: لەسەر سینگمی دا، وفەرمووی: «والله پیرۆزبێت لێت زانست وزانیاری ئەی ئەبا مونزیر».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری کرد لە ئوبەی کوڕی کەعب سەبارەت بە مەزنترین ئایەت لە قورئاندا، ئەویش دوودڵ بوو لەوەڵامداندانەوە، پاشان ووتی: ئایەتی کورسی: {اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ} [البقرة: 255] واتە: {الله ئەو خودایەیە کە هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە ئەو، هەمیشە زیندووە وتەدبیرکار وڕاگری (بوونەوەرەکانە)}، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پاڵپشتی لەوەڵامەکەی کرد و لەسەر سینگی دا، وەکو ئاماژەیەک بۆئەوەی کە پڕە لە زانست وحیکمەت، ونزای بۆ کرد بەوەی بەختەوەر بێت بەهۆی ئەم زانستە وخوای گەورە کارئاسانی بۆ بکات وئەو زانستەی پێی بەخشراوە موبارەک وپیرۆز بێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65059

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee